بودجە لەنێوان تاریکیو ڕووناکی

چەند ئەندام پەرلەمانێک لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان

فۆتۆ: یەحیا ئەحمەد

ئا: ئاسۆ سەراوی

ئەندامی لیژنەی دارایی‌و پیشەسازیی‌و وزە لە پەرلەمانی کوردستان، ئیسماعیل گەلاڵی، لە چاوپێکەوتنێکی ئاوێنەدا باس لە بەشێک لەکەموکوڕییەکانی بودجەی ٢٠١٠ی هەرێمی کوردستان دەکات، ئاماژە بەوەش دەکات هیچ کاتێک ئەو بەرپرسیارێتییە ناخراوەتە ئەستۆی خۆی‌و دەنگ بە بودجەیەک نادات کە چەندین کەموکوڕی تێدایە، پێشی وایە، بودجەکە ڕوون‌و ئاشکرا نییە "بەڵکو لە تەمومژدایە".

بەبڕوای پەرلەمانتار ئیسماعیل گەلاڵی، بودجە کە دیاریدەکرێت، دەبێت پەیامێکی ئابوریی لە پشتەوە هەبێت، یاخود ئەوەی تێدا بخرێتەڕوو کە لەسەدا چەند بەتاڵە کەم دەکاتەوەو دەرفەتی کار زیاد دەکات‌و ڕێژەی هەڵاوسان بەرەو کەمبوونەوە دەبات، "بەڵام بەداخەوە ئەم بودجەیە، لەڕووی ژمێریاریشەوە، هەڵەو کەموکوڕی زۆری تێدایە، بەنمونە، چەند پرۆژەیەکی دووبارە بۆوەی بەهەمان ناوو بڕە پارەوە تێدایە، بەڕاستی هەڵەی لەو جۆرە نابێت لە کۆمپانیایەکی زۆر بچوکیشدا ڕووبدات، نەک لەبودجەی حکومەتێک".

ئەم پەرلەمانتارە باس لەوە دەکات کە بەشێک لە پارەی ناو بودجەکە بۆ چەند پرۆژەیەکی حزبیی‌و ڕێگاوبان‌و پاسەوانەکانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق تەرخان کراوە، لە کاتێکدا سەرۆک کۆمار لە بودجەی سەرۆکایەتی تایبەتی بەخۆی پارەی بۆ خەرج دەکرێت، ئەو دەڵێت "بەدەر لەوە سەرۆک کۆمار نەسریەیەکی ئێجگار زۆری هەیە، هەر وەک خۆی لەم ماوەیەدا ئاماژەی پێدا لە ٥٪ ئەو نسریەیەی لە کوردستان خەرج کردووە، لە کاتێکدا زۆر بەئاسایی دەیتوانی لە ١٧٪ خەرج بکات، بەڵام ئەوەتا لە بودجەی هەرێمیش پارەی بۆ دانراوە".

ئیسماعیل گەلاڵی لەلای سەیرە کە بەرپرسانی هەرێم باس لەوە دەکەن کە حوکمەتی عێراق بەشە بودجە لە ١٧٪ هەرێمیان بە تەواوەتی نادەنێ، کەچی لە بودجەی هەرێم بڕێک پارە بۆ (ملعب شەعب)ی بەغداد دیاری کراوە، ئەو دەڵێت "لەکاتێکدا ئەوان بودجەی تەواوەتی نانێرن، کەچی لە کوردستانەوە پارە بۆ یاریگایەکی بەغداد خەرج دەکرێت، ئەمە وەک دەڵێن پیاوەتی کردنە بەسەر ئاوی حەمامەوە".

بەشێکی تر لە بودجەکە هەروەک گەلاڵی باسی دەکات خەرجکردنی بڕێک پارەیە بۆ پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی، کە بە وتەی ئەو، ئەو پێشەنگایە موڵکی ژووری بازرگانی سلێمانیە ئەو دەڵێت "ژووری بازرگانی سلێمانی نزیکی ٤٠ هەزار ئەندامی هەیە، خۆی زۆر دەوڵەمەندە چ پێویست دەکات لە بودجەی هەرێم پارەی بۆخەرج بکرێت؟" بەهەمان شێوە بڕێک پارە بۆ یانەی تەلاری خێزانی لە سلێمانی خەرج کراوە کە بە وتەی گەلاڵی "ئەو یانەیە ئەهلییە کۆمەڵێک کەسی کەم لێی سودمەند دەبن، نەک زۆرینەی خەڵکی".

دیارکردنی بڕە پارەیەکی زۆر، بۆ مەڵبەندە ئاینییەکانی کەسایەتییەکی ئاینی، یەکێکی تر لەو ڕەخنانەی کە ئیسماعیل گەلاڵی هەیەتی. ئەو دەڵێت "قوتابخانەیەکی نمونەی بەملیارێک‌و ٨٠٠ ملیۆن دۆلار تەواو دەبێت، کە لە بودجەی ئەم ساڵدا چەند قوتابخانەیەکی نمونەی دروست دەکرێت، کەچی نزیکی هەمان بڕە پارە، بۆ دروەست کردنی چەندین تەکێ ئاینیی خەرج دەکرێت، کە ئەمە جێگەی سەرسوڕمانە".

جیاوازی کارمەندی سەرۆکایەتی لەنێوان هەرێم‌و بەغدا

ئیسماعیل گەلاڵی بە گومانە لە زۆری ژمارەی فەمانبەرەکانی سەرۆکایەتی هەرێم‌و پێی وایە ئەو فەرمانبەرانە جگە لەزۆری ژمارەکانیان، گومانیش دەکرێت، بەشێکیان کارمەندی حزبیی بن، بەپێی زانیاریەکانی ئەو، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان (٨٠٠) فەرمانبەری هەیە، کە لە بودجەدا پارەیان بۆ دیارکراوە، کەچی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق کە جگە لەسەرۆک کۆمار دوو جێگریشی هەیە (٦٢٢) فەرمانبەری هەیە، ئەو دەڵێت "باشە ڕەوایە سەرۆکایەتی هەرێم ژمارەی فەمانبەرانی لە سەرۆکایەتی کۆمار زۆرتر بێت؟ لەکاتێکدا هەرێم ٣ پارێزگایە، بەڵام حکومەتی عێراق ١٥ پارێزگای هەیە، هەمان شێوە، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ٢٧٣١ فەرمانبەری هەیە، کەچی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، ٢٥٢٣ فەرمانبەر هەیە، لە کاتێکدا، ئەنجومەنی وەزیران عێراق پێک هاتووە لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی ئاسایش، دەستەی پشکنین، نوسینگەی سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکان، دەزگای مخابەراتی عێراق، بەڕێوەبەرایەتی چەکداماڵین".

هەر بەپێی وتەکانی گەلاڵی لە بودجەکەدا (دوو تریلیۆن‌و ٨٠٠ ملیار دینار) بۆ بەخشین‌و یارمەتی‌و باربۆو سودە کۆمەڵایەتییەکان دانراوە، کەچی هەر وەک گەلاڵی باسی دەکات لەو بەشە بودجەیە، پارە بۆ کارو پرۆژەی حزبی خەرج کراوە ئەو دەڵێت "بە ئیمزای وەزیری دارایی (شێخ بایز) ئۆتۆمبیل بۆ مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکوک کڕدراوە. چەندین بەڵگەی تریشمان لەلایە کە پارە بۆ کارو پرۆژەی حزبی خەرجکراوە".

بەدەر لەوە ئەو پەرلەمانتارە ئەوەشی ڕوونکردەوە کە بۆ پرۆژەی بەردی مەرەپری ماوەت زیاد لە ١٨ملیار دینار، خەرجکراوە کەچی لە ٥٪ پرۆژەکەی کراوە ئەو وتی"لە بوجەی ئەم ساڵیشدا زیاتر لە ٦ملیار دیناری تر بۆ هەمان پرۆژە دانراوە".

هەر بەبۆچونی ئەم پەرلەمانتارە، بودجەی ٢٠١٠ جگە لەوەی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر سێکتەرە ئابورییەکاندا دابەشنەکراوە، هاوکات وەزارەتی پلاندانان لەکاتی دابەشکردنی بودجەکەدا کەمترین ڕاوێژی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کردوە، ئەو کە خۆی لە لیژنەیەکدایە، سەرپەرشتی سێ وەزارەت دەکەن، ئەوە ڕووندەکاتەوە هیچ یەکێک لەو وەزارەتانە بەشدارییان لە داڕشتنەوەی بودجەدا نەکردوە، دەڵێت "ئەو پرۆژانەی وەزارەتی پیشەسازی‌و بازرگانی داوایان کردوە، کەمترینی ئەو پرۆژانەن کە وەزارەتی پلاندانان لە بودجەکەدا داوای کردون، یاخود بۆ وەزارەتی پیشەسازی‌و ووزە، داوای سێ کارگەی خۆشکردنی پێستە کراوە، لەکاتێکدا ئەو وەزارەتە هەر داوای نەکردووە". دیارکردنی بڕێک پارە بۆ نۆژەنکردنەوەی سایلۆی سلێمانی یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە ئەم پەرلەمانتارە تێبینی لەسەر هەیە دەڵێت "لە کاتێکدا بەبڕێک پارە بڕیاری دروستکردنی سایلۆیەکی نوێ دراوە، هەمان بڕە پارە بۆ نۆژەن کردنەوەی سایلۆ کۆنەکەی سلێمانی دانراوە، ئەمەش جێگەی پرسیارە، چۆن نۆژەنکردنەوەو دروستکردن هەر یەک بڕە پارەیان بۆ دیاریکراوە؟ بەهەمانشێوە لەکوردستان ئێستا زیاد لە ٨٠ پاڵاوگەی نەوت هەیە، کەچی بڕێک پارە دانراوە بۆ نۆژەنکردنەوەی پاڵاوگەی کۆنی سلێمانی، لەکاتێکدا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، چەند ساڵێک لەمەوبەر داوای نوێ کردنەوەی ئەو پاڵاوگەیەی کردوە، کە ئەو کاتە کەمترین پاڵاوگە هەبوو".

دیاریکردنی کەمترین بڕە پارە بۆ وەزارەتی کارەبا کە نزیکەی٨٠ ملیار دینارە، یەکێکی ترە لە ڕەخنەکانی گەلاڵی ئەو دەڵێت "کارەبا ڕۆحی پێشکەوتنی دنیای سەرمایەداریە، چۆن دەبێت ئەو بڕە پارە کەمەی بۆ دابنرێت؟ لەکاتێکدا ئێمە تائێستاش کێشەی کارەبامان هەیە".

لە ساڵی ١٩٩٦ وە بودجەی هەرێمی کوردستان، ٤٦٪ بۆ ناوچەی سلێمانی‌و گەرمیان بوو، ٥٤٪یش بۆ پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک بوو، لە ئێستادا کە شارۆچکەی کۆیە خراوەتەوە سەر پارێزگای هەولێر ٣٪ بودجە چۆتە سەر بەشەکەی هەولێر، واتە لە ئێستادا ٤٣٪ بە ٥٧٪ دابەشکراوە.

لە درێژەی چاوپێکەوتنەکەیدا گەلاڵی ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە لە بەشە بودجەکەی سلێمانی‌و گەرمیان چەندین پرۆژە بۆ کەرکوکو خانەقین کراوە ئەو دەڵێت "ئێمە داوا دەکەین، کە بۆ ئەو پرۆژانەی لەناوچە دابڕاوەکان دەکرێت، لە بودجەی گشتی‌و پێش دابەشکردنی بەسەر هەولێرو سلێمانی پارەیان بۆ دابین بکرێت، چونکە ئەگەر وا نەبێت، سلێمانی‌و گەرمیان ئەوەندەی تر پشتگوێ دەخرێن".

لە کۆتایی قسەکانیدا گەلاڵی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کەوەکو خۆی هیچ کاتێک ئامادە نییە دەنگ بە بودجەیەک بدات "بە هەموو کەموکوڕیەوە".

ئیسماعیل گەلاڵی

هیچ پەیامێکی ئابووری لەپشت ئەم بودجەیەوە نییە

لەکوردستان گروپی کۆمپانیایەکی ئەمەریکی وەبەرهێنان دەکەن

پەروەر خۆشناو، هەولێر

گروپ کۆمپانیاییەکی ئەمەریکی بەبڕی پانزە ملیۆن دۆلار چەند پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لە کوردستان ئەنجام دەدەن لەبوارەکانی بە خێوکردنی ئاژەڵو بەرهەمی سپیایی، کارگەیەکی (قوتوبەنی) لە هەرێمی کوردستان. جگەلەوەش هەوڵدەدەن کە بەرهەمی تەماتە لەجوتیارن بکڕنەوە بۆ کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر دوای دوبارە نۆژەنکرنەوەی لە لایەن هەمان گروپ کۆمپانیاکانەوە.

بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەندازیار عەلی رەشید لە دیمانەیەکی ئاوێنەدا تیشک دەخاتە سەر کارەکانی ئەو کۆمپانیایانەی کە بەمەبەستی وەبەرهێنان هاتونەتە کوردستان، ناوبراو ڕادەگەیەنێ کە وەزارەتی کشتوکاڵو دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێم، کارەکانی ئەو گروپە ڕێک دەخەن.

لە سەرەتای دیمانەکەدا ئەندازیار عەلی رەشید ئەحمەد، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوگروپە، بەمەبەستی دروستکردنی کێلگەی (گاپەلەوەری)و(سپیایی) لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ کۆبونەتەوە. لە کۆبونەکەدا باسیان لەوە کردوە کەچەند کێڵگەیەکی (گاپەلەوەری)و کارگەی (شیرەمەنی) یا بەرووبومی سپیای دروست بکەن، ئەو وتی "هەموو ئەو کارانەشیان نزیکەی بایی پانزە ملیۆن دۆلار دەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە پاڵپشتی خۆمان پیشاندا". ئەم ئەندازیارە باسی لەوەش کرد کە هەر لە کۆبونەوەکەیاندا بە کۆمپانیا ئەمەریکیەکانیان ڕاگەیاندوە، کە بۆ ڕاییی کردنی کارەکانیان پێویستە مۆلەت لەدەستەی وەبەرهێنانی هەرێم وەربگرن.

بەڕێوەبەری پلاندانان لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوەش دەخاتە روو کە دەستەی وەبەرهێنان، لەکارێکی وەهادا پرس بەوەزارەتی کشتوکاڵ دەکەن، هەروەها ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەو گروپە کۆمپانیا ئەمەریکییە چەند کێڵگەیەکی گاپەلەوەری، کەخۆی لەبەخێوکردنی ئاژەڵە شیردەرەکان دەبینێتەوە دروست دەکەن، جگە لەوەش کارگەیەکی قوتوبەندیش دادەمەزرێنن.

لەبارەی دیارکردنی شوێنێکی باش، بۆ دروستکردنی لەوەڕگا، ئەو ئەندازیارە باسی لەوەکرد کە دەستەی وەبەرهێنان لەو بارەیەوە شارەزایی تایبەت بەخۆیان هەیە. ئەو وتی "ئەوان شوێن دیاری دەکەن بۆ لەوەڕگا" هەروەها ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ جەختی لەسەر ئەوەش کردوە کە دەستەی وەبەرهێنان لەلایەن خۆیانەوە پرس‌و ڕاوێژ لەگەڵ شارەوانی‌و ژینگەو وەزارەتی کارەبا دەکەن، تا هەڵسەنگاندنی تەواو بۆ تەواوی پرۆژەکە بکەن‌و وتی "دوای ئەو هەموو کارانە ئینجا گرێبەست لەگەڵ وەبەرهێنەرەکە دەکەن".

AFP

ئەمەریکییەکان لە شەڕەوە بۆ وەبەرهێنان

ئەو ئەندازیارەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هۆکاری پرس‌و ڕاوێژی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، بۆ ئەوە گەڕاندەوە "تا بزانرێت شوێن هەیە، یاخود دەتوانرێت کارەبای بۆ دابینبکرێت، جگە لەوەش پێویستە لەڕووی ژینگەیشەوە لەباربێت".

لەبەشێکی تری ئەم دیمانەیەدا ئەندازیار عەلی رەشید ئەحمەد ئەوەی ئاشکرا کرد کە پێشتر ئەم گروپ کۆمپانیایە، کارگەی دۆشاوی تەماتەیان نۆژەنکردۆتەوە، داوایان لە جوتیاران کردوە، کە تەماتەیان پێبفرۆشن، بەڵام وەک عەلی رەشید ئەحمەد وتی "بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی تەماتە، لە ساڵی رابردوو، جوتیاران تەماتەکەیان بەوان نەفرۆشت، بەڵکو لە بازاڕدا فرۆشتیانەوە، هەر ئەمەش بۆە هۆی ئەوەی کە سستییەک بە کارکردنی ئەو کارگەیەوە دیار بێت".

بۆ ئەوەی کارەکانی ئەو کارگەیە بەباشترین شێوە بکەوێتەوە کار، ئەو کۆمپانیا ئەمەریکیانە، سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاویان کرد، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی جوتیاران لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکدا کە بەسەر نرخی تەماتەدا دێت، پابەندبن بەوەی تەماتە بەو کارگەیە بفرۆشنەوە، لەم ڕووەوە ئەندازیار عەلی رەشید دەڵێت "ئێمەش وەکو وەزارەت لەگەڵ ئەو گروپە دانیشتین، چەند ڕێنمایی‌و پێشنیارێکمان بۆیان هەبوو، بۆ ئەوەی توشی گیروگرفتە نەبنەوە، داوامان لێکردن کە هاوکاری جوتیاران بکەن، لەڕووی تۆوی باش‌و پێدانی کەلوپەلی کشتوکاڵی".

مایە

گۆشەیەکە موسا محەمەد دەینووسێت

بوودجەی ٢٠١٠و سیستەمی خوێندنی کوردستان

لەکاتێکدا بیناو سیستەمی خوێندنی حکوومی لاوازەو پێویستی بەبودجەی توێژینەوەی زانستی هەیە، کەچی لەبودجەی ٢٠١٠ی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٢١ ملیار دینار بۆ زانکۆیەکی ئەهلی تەرخان دەکرێت، لەکاتێکدا سیستەمی خوێندن هێزی کارو شارەزا بۆچالاکی ئابووری ئامادە ئەکات، کەچی کەمتر لە ١٪بودجە بۆ خوێندنی باڵا تەرخانکراوە. لەلایەکی دیکەوە بە پێی قسەیەکی د.بەرهەم ساڵح لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە وتی "ئێمە وەکو لیستی کوردستانی ١٠٠ملیون دۆلار بۆ ناردنەدەرەوەی قوتابی تەرخان دەکەین" لەم ڕووەوە قسەی خۆی لەبودجەی ٢٠١٠ی نیشانداو بەپێی بڕگەی ١٦ی پرۆژەی یاسای بودجە ١٢٠ملیار دینار بۆ زەمالاتو ناردنە دەرەوەی قوتابی تەرخانکراوە، بەڵام هێشتا بۆ ئەو بڕەیەش هیچ یاساو ڕێسایەک دیاری نەکراوەو هیچ پێوەرێک بۆ ناردنە دەرەوە دیار نییەو کەس نازانێت ئایا کەسی شیاو دەچێتە دەرەوە یا خود بەواستە ئەبێت. سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستان کۆنو لاوازەو مەعریفەی زانستی بە قوتابیانو خویندکاران نابەخشێت.

ڕەگی گرفتەکە لەسیستەمی خوێندندایە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی‌و زانکۆ، سیستەمێکی کۆنو تێۆرییەو دوورە لەبنەماکانی پێشکەوتنی زانستی‌و تەکنەلۆژیکی. سیستەمی خوێندنی کوردستان نەبەستراوەتەوە بەبازاڕو کەرتی تایبەت کەواتە پەیوەندیی زانکۆو بازاڕ لەنزمترین ئاست دایە. زانکۆ خوێندکار بەتوانا ناکات بۆ دەستپێشخەری‌و میکانیزمێکی گونجاو بۆ پەیوەندی زانکۆو بازارو کەرتی تایبەت نییە.

ئێستا زیاتر لە٨٠ هەزار قوتابی‌و خوێندکار لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی خوێندنن‌و ئەمساڵیش ٣٢هەزار زیادی کرد کە ٨٠٪ ئەو قوتابیانە بەخواستو ئارەزووی خۆیان پسپۆریان هەڵنەبژاردووەو شێوازی وەرگرتنی ناوەندی لاوازترین شێواز بۆ وەرگرتنە، لەبەرچاوگرتنی تێکرای نمرەش یەکێک لەو هەڵانەیە کە لەو شێوازە ئەنجام دەدرێت. پێویستە تاقیکردنەوەی زانستی‌و تەکنیکی بکرێن‌و شێوازێکی سەردەمیانە بۆ وەرگرتن دروست بێت ئەوە خاڵی گەوهەری لەچاکسازی بازاڕی کارو گەشەپێدانی سەرمایەی مرۆیی. سەرمایەی مرۆیی ڕۆڵی سەرەکی لە گەشەپێدانی ئابووری وڵاتانو کوردستان دەبێت. سەرمایەی مرۆیی کە توانایی گۆڕانکاری لەتەکنەلۆژیاو ژیاندا هەیە، گەشەپێدانی ئابووری مسۆگەر دەکات. ئەو وڵاتانەی کە ئێستا داهاتی تاکە کەسیان زیاتر لە ٤٠ هەزار دۆلارەو ئاستی تەکنەلۆژیای بەرزیان هەیەو دیموکراسی زیاترەو دادپەروەری ئابووریشیان زیاترە، سیستەمی خوێندنیان بەئاڕاستەی فێرکردنی زانستو گۆڕانی تەکنەلۆژیا ڕویشتووە. لە سیستەمێکی خوێندندا کە دەرچوانی توانایان هەبێت شمەکو خزمەتگوزاری بەتەکنەلۆژیای سەردەم بەرهەمبهێنن، بەرهەمداری زیاتریان هەیە، ئەوانەی کە پاش دەچوونیان دەبنە بەڕێوەبەرو وەزیرو خاوەن کۆمپانیا، بڕیارەکانیان زانستی دەبێت‌و بۆ بڕیاردان هەمەلایەنە بیردەکەنەوە نەک وەکو بڕیارەکانی هەندێک وەزارەت لە حکومەتی کوردستان کە پاش بڕیارەکە چەندین ناڕەزایەتی لێ دەکەوێتەوە. ئەوسیستەمە خوێندنە لاوازەی کە لە کوردستان هەیە سەرمایەی مرۆیی بەتوانا بۆ چارەسەری کێشەکان ئامادە ناکات. سیستەمی خوێندنی هەرێمی پێویستی بە زیاتر لە یەک ملیار دولارە بەڵام ئەو ١٠٠ملیۆن دۆلارەش هەنگاوێکە بۆ نوێ کردنەوەو مۆدێرنکردنی سیستەمی خوێندن، بەڵام نەبوونی ڕێنمایی‌و ڕێسای چۆنیەتی ناردنی قوتابی‌و خوێندکار بۆ دەرەوەی وڵات لە کاتی دارشتنی بودجەدا یەکێک لەکێشەکانی بودجەی هەرێمی کوردستانە. پێدەچێت ئەگەر بەو بودجەیەو بەشێوەی دادوەرانەو دوور لەواستە قوتابیان بۆ خوێندن بۆ دەرەوە بڕۆن ئەوا سیستەمی خوێندن گۆرانکاری بنەڕەتی ئەکات ئایندەیەکی گەش بۆ سەرمایەی مرۆیی پێش بینی ئەکرێت.

Musa@kadeb.org